# مه ستووره ی کوردستانی و چه ن بۆچوونێک

رێناس جاف

له نێو دیرۆک و مێژووی هه ر گه ل و نه ته وه یێک دا هه ندێ که سایێتی هه بوونه و هه نه که به راستی ده وریێکی کارا و بالایان له
بێدارکردنه وه و راپه راندنی جه ماوه ردا هه بووه و هه یه .
له کۆمه لگه یێکی نه ریتی وه ک خۆرهه لات و پاریێکی ئه م جڤاکه
واته کوردستان دا که دایمه گیرۆده ی ده س سیسته می داخراوی
مینا ده ره به گایێتی و عه شیره تی بووه ، دیاره مه یدان و گۆره پان
بۆ چالاکی ئافره ت و ژن ، گه لێ به رته سک تر بووه .
یاخیبوونی ژن له کۆمه لگه یێکی ئه وتۆدا به راستی کاریێکی پڕ زه حمه ت بووه و گه ر ئێمه ئاوڕێک
له دیرۆک بده ینه وه ، ژماره ی ئه و چه شنه ئافره تانه له ژماره ی قامکه کانی ده س تێناپه ڕن.
لێره دا من نامه وێ له سه ر ئه م بابه ته بچم و گه ره کمه ده روویێکی دی له رووی مه زنی که
سایێتی ژنێکی کورد بکه مه وه و گه وره یی ئه و زاته تان لا ده رخه م که له وا کۆمه لگه یێک دا
لێهاتوویی و توانا و به هره ی خۆی خۆیا ده کات و هه موان ئیمان به گه وره یی دێنن.
ده مه وێ رۆشنایێک بخه مه سه ر ئاسکه رۆح سووکه که ی نێو که لتووری کوردان ، "مه ستووره ی کوردستانی"، با بزانین له نیگای ئه م و ئه وه وه چلۆن سه یری ده که ن و چلۆنی ده ناسێنن * .

نووسین و لێکۆڵینه وه : ئه یوبی گازرانی

وه رگێر : رێناس جاف

" ئۆگینا ڤاسیلی ئاڤا" مه ستووره ناس و وه رگێری دیرۆکی ئه رده لان بۆ سه ر زوانی رووسی ، سه باره ت به مه ستووره ده نووسێ : له نێو قه وم و گه لانی ناوچه ی خۆرهه لاتی ناوین و نێزیکدا ، ئافره تێکی دی وه ک مه ستووره یان تیا هه لنه که وتووه که هه م شاعیرێکی مرخ خۆش و هه میش دیرۆکنووس بێت . سه ده ی نۆزده ژنێکی رووناکبیری وه ک مه ستووره ی به خۆوه نه دیوه .
به لام" میرزا عه بدوڵلای مونشی" ناسراو به ره ونه ق( 1218-1281) ده رباره ی مه ستووره نووسیویه : ژنێکه داوێن پاک ، خوانناس و خامه ره نگین . ساڵی 1263 کۆچی زێده که ی به جێ دێڵێ و روو ئه کاته مڵکی بابان و هه ر له وێش کۆچی دوایی ده کات .
شای شاعیرانی هه ورامان و یه ک له لوتکه کانی شێعری کلاسیکی کوردی (1221-1300هه تاوی)" مه وله وی تاوگۆزی" له وه سفی مه ستووره دا ئه لێ :

خۆرشیده که ی ناز، ئه وج بورج سه ور
سه ر توغرای ده فته ر، مه حبووبان ده ور
هانه یانه که ی بورج ئه شره ف دا
نوور ئه فشانیشه ن وه هه ر ته ره ف دا

"نالی شاره زووری" (1212-1295) یه ک له ئه ستوون و کۆڵه که کانی ئه ده بی کلاسیکی کوردی

، مه ستووره  به تۆره وان و شاعیرێکی خودان ده سه لآت و  خامه چه له نگ، نێو ده بات .
"ئه حمه د به گی کۆماسی" (1213-1296) وا وه سفی مه ستووره ئه کا:
مه ستووره و فه ردش ،وێنه ی گه وهه ره ن
نه ملّک عیفاف ، ئه و چون جه وهه ره ن
" ڕه زا قولی خانی هه دایه ت"(1215-1288 هه تاوی) ده نووسێ :
مه ستووره ی کوردستانی له ژنانی ئۆجاخ زاده ی ناوداری سنه یه و
شاره زا به هه مه جۆره هونه رێکی وه ک خۆش نووسی(جوان نووسی) بووه، ژنێکی ڕه زا شیرین
بووه که به ماشه ره ف خانم
ناودێر بووه .
"عه لی ئه کبه ری وه قایع نیگار" (1262-1317) ده نووسێ :
مه ستووره ژنێکه شاره زا به دونیای خۆشنووسی، شێعر و په خشان نووسی . نێزیکه ی 24 هه
زار به یته شێعری هۆنیوه ته وه  و خاوه نی زۆر غه زه ل و قه سیده یه .
44 ساڵ ژیاوه و ساڵی 1264 کۆچی ، عه مری خوای کردووه .
"میر جه لاله دینی که زازی" ده رباره ی ئه نووسێ :
ما شه ره ف خانمی کوردستانی ناسراو به مه ستووره ، ژنێکی شاعیری  سه ده ی سیانزه یه .
مێرده که ی  خه سره وخان، له گه وره پیاوانی کوردستان بووه .
مه ستووره خاوه نی گه لێ هۆنراوه و هه ڵبه ستی ساده و ساکار و ته ڕ و پاراو بووه .
"عومه ری سوڵتانی وه فا" ئێژێ :  مه ستووره ته نێ شاعیر و تۆره وان نه بوو.  مه ستووره  که
ژاوه ی خۆر و بینی زولاڵی هه سارانی له ناخدا بوو . شاژنی ئه ڤین و خوناوکه ی باران بوو . تینی
ژین له ناخی خه یالآ ، باڵی هه ور و ئاسمانی ئاوات بوو .
"ناسر ئازاد پوور" ڕاس که ره وه  و هه ڵه چنی دیرۆکی ئه رده لآن ده نووسێ : ئه م شاعیره هه
ست ناسکه ، له سه رده مێک دا له نێو ولآتانی ئیسلامی جیرانی کوردستانا ، خوێنده واری و هۆنینه
وه ی غه زه ل بۆ ژنان ، گوناحێکی نه به خشراو بووه ، سه ربه ستانه و ئازایانه هه ستی دڵه ی
خۆی ده ربڕیوه و وه ک بولبولی خۆشخوانی باخچه که ی کوردان ، چریکه ی به رز بووه و ته نانه
ت ده گه ڵ شاعیرانی
هاوچه رخی خۆیدا ده ستی کردووه به گه ڕه لاوژه .
"عه بدولحه میدی حه یره تی سه جادی" ئه ڵێ : ماشه ره ف خانم
شاعیرێکی هه ست ناسک بووه که له و سه رده مه دا زۆر که س ،
به خاڵه تیان پێ بردووه . ئه و خاوه نی سۆزێکی ئاورین بووه و قه ڵه مێکی چه له نگ و به پێزی
هه بووه و به هره ی خواپێداوی ، ویردی
سه ر زاران بووه .
"مه حموود پێدرام " ئه ڵێ : ماشه ره ف خانم  ئه رچی عه مری که م و
کورتی کرد و که م ژیا به لآم  له باری هزری و ئاوه ز و ئه ده بییه وه له ئاستێکی بان دا بوو و
زۆر به رهه م و یادگاری به نرخی له خۆ
به جێهێشت .
"نه وشیروان مسته فا" ده نووسێ : مێژووی بابان ، پڕ قه رزاری ئه م
ژنه بلیمه ته یه .
"جه میل ڕۆژبه یانی" ده نووسێ : مه ستووره  یه ک له و ژنه زانا و
تۆره وانانه  دێته ئه ژمار  که به درێژایی  ته مه نی کورتی ، گه لێ

خزمه تی شیاوی کرده که لتووره که ی . مێژووه که ی ئه رده لانی
یه ک له سه رچاوه کانی  هه ره به نرخ و شاز سه باره ت به
دیرۆکی کوردستانه .
"عومه ری سوڵتانی وه فا" هه مدیس ده ڵێ : مه ستووره له دیرۆکنووسی دا گۆی مه یدانی له مێژوونووسانی پیاوی سه رده می خۆ
بردۆته وه . مێژووه که ی مه ستووره گه لێ به ئه مانه ت دارییه وه
نووسراوه ، هه ر ئه وه ش  وامان لێ ئه کا زێتر ڕێز بۆ مه ستووره
دانێین . بۆیه ده کرێ بڵێین مه ستووره خاتوون ، تاکه ژنی دیرۆکنووسی سه ده ی نۆزده یه .
مه ستووره ڕۆڵه ی  سه رده مێکی پڕ ئاڵۆزی وایه که شاعیرانی
پارسی وێژ ، له جیاتی داهێنان و نوێگه ری له شێعردا ، هه موو
هه وڵیان  له پێناوی لاسایی کردنه وه ی کوێرانه ، ده کار دێنا .

سه رچاوه کان :

1 پێشه کی ده سته لاتی موکریان له کوردستان ، جه میل ڕۆژبه یانی،  په خشکاری ئانا، تاران ، 1381 هه تاوی
2 میرایه تی بابان له نێوان به رداشی ڕۆم و عه جه م دا
3 پێشه کی مێژووی ئه رده لان
4 وتارێک له سه ر مه ستووره
5 دوو نووسخه ی ده سنووس له مه ستووره
6 حه دیقه ی ناسری،  عه لی ئه کبه ری وه قایع نیگاری کوردستانی به هه وڵی محه مه د ره ئووفی ته وه کولی،تاران،1364 هه تاوی
7 دیوانی مه وله وی تاوگۆزی
8 دیوانی ئه حمه د به گی کۆماسی
9 وتارێک له سه ر مه ستووره، لای خۆرهه لاتناسان، ئه حمه دی شه ریفی
10 مه جمه عولفوسه حا ، به رگی دووه م
11 حه دیقه ی ئه مانوڵلاهی

چه ن ورده خاڵێک : ئه م وتاره کورتکراوی وتارێکی تێر و ته سه له ، له سه ر مه ستووره ی کوردستانی که له به رهه مێکی
توێژینه وه یی  لێکۆڵه ری کورد " ئه یوبی گازرانی" به ناونیشانی:
"ژیان و به رهه می مه ستووره ی کوردستانی" وه رگیراوه و
وه رمگێڕاوه ته سه ر کوردی . پێویسته بڵێم  چه ن وته ی
ده سپێک که دواتر به هه ساره یێک دیاریم کردووه ، له وه رگێڕه.

Renas caf@yahoo.com